ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدرانی ئوستراليا:

# لە پێناوی ئازادیی دەربڕین

ماوەی مانگێك زیاترە د. کەمال سەید قادر لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە هەولێر زیندانی کراوە. بە پێی ئەو هەوالأنەی تا ئێستا بلاوبونەتەوە مەرجەعی دادوەریی تا ئێستا کاتی دادگاییکردنی ناوبراوی دیاری نەکردووە.

بەدەر لەوەی د. کەمال چی نوسیووە و چی گووتوە ، ئێمە بێلایەن بەرامبەر بیروباوەڕە تایبەتییەکانی، شێوەی گرتن و گلدانەوەی لە زیندان و، گوێنەدان بە پرۆسەی تاوانبارکردن و دادگاییەکی سەربەخۆو شەفاف، بونەتە جێی نیگەرانییەکی قوولٚ بۆمان، هەروەکو چەند تاکێکی سیاسەتمەدار و رۆشنبیر، هەروەها وەك هەلوێستەیەك بەرامبەر پێشێلکردنی ئازادی بیروڕا، داوا لە دەسەلاتی تایبەت لە ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان /هەولێر دەکەین کە:

- د. کەمال سەید قادر بەزووترین کات ئازادبکرێ، ئەگەر تۆمەتێکی جینایی دەیگرێتەوە، ئەوە لە دادگا و بەشێوەیەکی شەفاف یەکلابکرێتەوە.
- حکومەتی هەرێم زامنی ئازادی دەربڕین وەك بناغەیەکی یاسایی دێرین کە "هەموو بیتاوانن هەتا ئەو کاتەی تاوانەکەی بەروودا دەسەلمێنرێ" لەم بنەمایەشەوە پێویستە کەمال سەید قادر گشت پێداویستییەکانی دادگاییکردنێکی یاسایی و رەوای بۆ دابین بکرێ، و ئەگەر بنەمای تاوانبارکردنێکی یاسایی دژی هەیە ئەوا دوور رابگیرێت لە هەموو دەستێوەردانێکی سیاسیی، ئەگەریش نا، ئەوا دەسبەجێ ئازادبکرێ بۆ ئەوەی ئەم حالەتە نەکرێتە نەریتێکی لێکۆلینەوە بۆ راپێچکردنی کەسانی نەیار لە گۆڕەپانی سیاسی و ڕوشنبیریدا.

ئیمزا دانەران:

هەباس بۆسکانی

ئەحمەد موعین

شیرکۆ کرمانج

سەلاحی گەرمیان

جەلال موحەممەد

روشدی ئەنوەر

د. موحەمەد کەمال

نیاز فەتتاح

دلاوەر مونزیر

د. توما حەمید

حەسەن سالّەح

تێبینی:

ناوە تازەکان هەفتانە دەلکێنرێن بەم یاداشتەمانەوە. boskany@yahoo.com